وەزیری گواستنەوەی قەتەر تاوتوێی هاوکاری هاوبەش لە کەرتی گواستنەوە لە بەغدا دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزیری گواستنەوە ئێراق موحەبس سەعداوی، پێشوازی لە هاوتا قەتەرییەکەی شێخ محەمەد بن عەبدوڵڵا بن محەمەد ئال سانی کرد کە گەیشتە بەغدای پایتەختی عێراق.

وەزارەتی گواستنەوە لە بەیاننامەیەکدا کە دەست موتەبع کەوتووە ڕایگەیاندووە: "وەزیری گواستنەوە پێشوازی لە هاوتا قەتەرییەکەی شێخ محەمەد بن عەبدوڵڵا بن محەمەد ئال سانی کرد".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لە کەبوونەوەکەدا هەردوولا گفتوگۆیان لەسەر هاوکاری هاوبەش لە کەرتی گواستنەوە لە نێوان هەردوو وڵاتی برادا کرد".